# بڕوبیانووی ئیسلامیەکانی کوردستان

# بۆ سروودی ئەی ڕەقیب

مەجید دڵنیا

لەسەر ئەم بابەتە زۆر وترا، برایەکی موسڵمان هێندێک بڕوبیانوی سەیرو سەمەرەی بۆ ڕەخنە لەو سرووده هێناوەتەوە ،ناچاریکردم منیش سەرنجی خۆم دەربڕم.

بیروباوەڕی ئیسلام وەک بیرۆکەیەکی ئەنتەرناسیۆنالی ،بەجۆرێک کاریگەری لەسەر تاکی کورد داناوە،کە سەرەکیترین هۆ بووە بۆ خاڵیکردنەوەو سڕکردنی گیانی نەتەوایەتی.هەر ئەمەش یەکێک بووە لە سەرکیترین هۆ، بۆ دواکەوتنی سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی لای کورد.سەرەنجام تاکی کورد وای لێهاتووە،ئەوەی بەلایەوە گرینگ نەبوبێت،شتێک بووە پێیوتراوە کێشەی کورد.هەمیشە بە کێشەی گەلانیترەوە خەریک کراوە.بۆیە سەیر نییە ئێستاشی لەگەڵدا بێت،لای ئیسلامیەکانی کوردستان کێشەی فەلەستین وقودس ، لە کێشەی کورد زۆر گرنگترو پیرۆزترە!

نەگبەتی میللەتی کورد لەوەدایە،نەتەنیا ئیسلامییەکەی بەڵکو کۆمۆنیستەکەشی بەهەمان ئاقاردا ڕۆیشتووە ،بۆیە پێموایە ئیسلامی وکۆمۆنیستی کورد ، لە ئیسلامی وکۆمۆنیستی هیچ نەتەوەیەکیتر ناچێت!

میللەتی کورد  زۆرجار بەهۆی ئیسلامبوونەوە شکستی خواردووەو هەموو جاریش ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بکەروهۆی شکستەکان برا بێژییە موسڵمانەکانی بوون.. ڕێپێوانی ئیسلامییەکان لەهەولێر دژ بە کاریکاتێرەکانی محمد و کتێبەکەی مەریوان هەڵەبجەیی کردیان، کە تێیدا خۆپیشاندەرە ڕادیکاڵە ئیسلامیەکانی کورد ئاڵای وڵاتی دانیمارکیان سوتاند. پێدەچێ بەرەنجامێکی خراپی بۆ حکومەتی هەرێم لێبکەوێتەوە، ئەگەر چی هەر کەسێک ئازادە ومافی خۆیەتی بەرگری لە باوەڕو میللەت وئازادی خۆی بکات.

بەپێی قسەکانی  مامۆستا عەبدالفتاح عەبدرەزاق[1]  حکومەتی هەرێمی کوردستان توشی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێت، گەر خۆپیشاندەران سزا نەداو داوای لێبووردن لەوڵاتی دانیمارک نەکات.

لێرەدا هەقە بپرسین، خۆپیشاندانی لەوجۆرە لە کوردستانەوە لەبەرژەوەندی کێدایە؟

ئەمە لەکاتێکداولە ئێستادا،هەموو بزووتنەوەیەکی ئوسوڵی لەسەر ئاستی دونیا نیشانەی پرسیاری لەسەرە!ئەم کارە بۆ کورد لەم قۆناغەدا،کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نییە زیانی زۆرترە لە قازانجی!

ئێوە ئەگەر ئاڵای هەموو دونیاش بسووتێنن لەسەر ئیسلام وپێغەمبەرەکەی ،دڵنیابن لەوەی کە ،برا موسڵمانە دڕۆزنەکانتان لە حەسەن نەسروڵا، باشتر بە میللەتی کورد ناڵێن!کە هەموو میللەتی کوردی بە عەلمانی و ئێوەی ئیسلامی وخۆپیشاندەریشەوە بە سەهیۆنییەکانی شیمالی عێراق چواند.ئێوەی خۆپیشاندەری ئیسلامی کە زۆر ئازایانە ئاڵای

وڵاتی دانیمارکتان سوتاند، بەڵام لە ئاست ئەو فتوا نابەجێیەی حەسەن نەسروڵادا، یەک کەس ویەک حیزبتان، نقەتان لێوە نەهات وغیرەتتان نەبوو وەڵامێکی فەرمی بەنەوە، لە کاتێکا فەتوای لەو جۆرە،زۆر ترسناکەو قەتڵوعام و سەربڕینی میللەتێکە بە تەڕووشکەوە.ئەم فەتوایە لەگەڵ هەڵوێستەکانی ئەتاتورک و سەدام دا هیچ جیاوازییەکیان نییە.دڵنیابن چەندە خۆتان بۆ عەرەب وئیسلام بسوتێنن لەسەلاحەدین باشترتان پێ ناوترێ، فەرموو سەردانێکی ئەم لینکە بکەن بزانن د،ولید سعید البیاتی وەک عەرەبێکی شەریف! چی بە سەلاحەدین دەڵێ:

[C:\Dokumente und Einstellungen\Administrator\Eigene Dateien\welid-seid-elbeyati--03-08.htm](C:\Dokumente und Einstellungen\Administrator\Eigene Dateien\welid-seid-elbeyati--03-08.htm)

ئیسلامی ئوسوڵی کوردی هێندەی بەحەماسەوە جەنگی دژ بە دەسەڵاتی کوردی ڕاگەیاندووەوبەکافرو مولحیدی داناوون ،هێندە جەنگی دژی دەسەڵاتی داگیرکەرەکانی کوردستان نەداوە.هەڵوێستی بزووتنەوەو باڵە توندەکانی دوای بزووتنەوە بۆ گشت لا ڕوونن.دڵشاد گەرمیانی لەیەکێ لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی هاووڵاتیدا دەلێ(ئەگەر هەر کوردێکی قەومی ئەو پرسیارەمان لێبکات وبڵێت ئێوە بۆچی ئەوەندە بۆ گیانی کورد ئازابوون، هیچتان لێ قەبوڵ نەدەکردن وبەکافرتان دەزانین،کەچی ئێستا هیچ نەما پێتان نەکەن وشەخسی یەکەمیشتان گیراوەو ئاوا بێدەنگن،بەڕاستی هیچ وەڵامێکمان پێ نییە) خودی دڵشاد گەرمیانی پێش ماوەیەک داوای لە عەلی باپیر کرد لە حکومەتی یەکێتی و پارتی بەشداری نەکات.

،ئیسلامییەکانی کورد،ماوەیەکە گەڕیان ئاڵاندوەتە سرودی ئەی ڕەقیبەوە ،وەک ئەوەی ئەم کۆمەڵگایە، لەئێستادا، هیچ کێشەیەکی نەبێت، تەنیا کێشەی گۆڕینی سرودی ئەی ڕەقیب ودانانی سرودێکی نیشتیمانی تر وەک ئەوەی ئەمان زۆر نیشتیمانی بن و زۆر دڵیان بۆ کوردو کێشەکەی بسووتێ.ئەمە لەکاتێکدایە ،کە کوردستان تژییە لە هەزارویەک کێشە!

سرودی ئەی ڕەقیب قسەی قورئان نییە ،دەستکاری نەکرێ یا نەگۆڕدرێ،خۆ هەر هەڵەیەکی مێژووی تێدا بێت،هەق وایە ئەوە بۆ مێژوو نوسان جێبێڵین.زۆرترین گومان لەسەر (کەیخوسرەوە)بەڵام ئەی میدیا بۆ ?خۆ هەرچی سەرچاوە مێژوییەکانە ڕەچەڵەکی کورد دەگەڕێننەوە بۆ مادەکان.مادەکانیش لە کۆمەڵێک هۆزو خێڵی وەک لولو،گوتی ،کاردۆخی،میتانی پێک هاتوون و دواتر بەسەریەکەوە بە مادەکان ناسراوون.مادەکانیش بە باپیرە گەورەی کوردانی ئێتسا دەناسرێن.

ئەو شیعرەی دڵدار بۆ ئەوساو ئێستاش نیشانەی سیمبولی بەرەنگاربوونەوەو بەرخۆدانەو گەورەترین تەحەدایە بۆ دوژمنانی کورد،کە ئێستاش لە شوێنێکی وەک تورکیاو سوریا ئینکاری بوونی کوردو زمانەکەی دەکەن.دڵدار باش لە مەبەستی دوژمنان گەیشتووە،بۆیە بە تەحەدداوە پێیان دەڵێ(کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە)

ئیسلامییەکان بۆ لە ئەی ڕەقیب کەوتوونەتە تەقە، ئەو بڕوبیانووە پوچانە نییە کە کەسێکی وەک موحسین شوانی باسیان دەکات2، بەڵکو تەنیا ئەو بڕگەیەی تەنگەی ئیسلامییەکانی گرتووەو سەغڵەتی کردوون، ئەوەیە کە دەڵێ(دینمان ، ئاینمان هەر نیشتیمان)، دیارە ئەوەش دەربڕینی ڕادەی خۆشەویستیە بۆ نیشتیمان لای دڵدار، کە کوردستانە.پێموایە ئەوەش جگە لە دەربڕینێکی مەجازییانەی شیعری زیاتر شتێکیتر نییە.خۆ گەر واشلێکبدرێتەوە کە نیشتیمان پیرۆزە وەک ئایین چ عەیب و چ عارێکی تێدایە.سەیری ئیسلامییەکیانی تورک کەن بزانن تورکیایان لە قورئان لا پیرۆزتر یان نا؟!

کورد ئەگەر دەوڵەتۆکەیەکی هەبووایە ئیستا ئاوا دەربەدەرو تێهەڵدراوی دەستی نەتەوە سەر دەستەکان و پەڕاگەندەی دونیا نەدەبوو، بۆیە هەر کوردێک هەقێتی گلەیی لە سەلاحەدین و هاوبیرانی بکات.ئیستاش لە کورددا هەزارانی تری وەک سەلاحەدین هەڵبکەوێت وبەهەمان عەقڵیەتی ئەو بیر بکاتەوە ،بۆ میللەتی کورد پولێکی قەڵب ناکات.ئەوەی بەدی دەکرێ سەرەڕای ئەو مێژووە دوورو ئەزموونە درێژە ،عەقڵی ئیسلامی ئوسوڵی کوردی سەلاحەدینی تێنەپەڕاندووە.ئەو عەقڵیەتە تەنیا لە قازانجی دوژمنانەو دەستی ئافەرینیش لە پشتی هەر کوردێک دەدەرێت ئاوا بیربکاتەوە.خەزنەوی وابیری نەکردەوە و ئاڵای کوردستانی لا پیرۆزبوو بۆیە تیرۆریان کرد.تورکەکانیش ماوەیەک لەمەوبەر وەک پێشەی هەمیشەییان وتیان باشترین کورد ئەو کوردەیە بڵێ من تورکم!

موحسین شوانی بیانووی ئەوە دێنێتەوە گوایە ئەو شیعرە وشەی عەرەبی تێدایە

بەڕاستی کورد پەندێکی جوانی هەیە دەڵێ(بیانووی تڕ نانی جۆیە)، دوای ئەوەی د.نوری تاڵەبانی وچەند کەسێکیتر هەندێ کەم وکورتی ئەو شیعرەیان باسکرد، بۆیە ئەمانە بۆ شەرعیەت دان بە نارەزایەتیەکانی خۆیان دژ بەو سروودە، کەوتونەتە جوینەوەی ئەو کەموکورتیانە. لە دوای ڕاپەڕینەوە وبەتایبەتیش کەئەو سروودە لە قوتابخانەکاندا، بەیانیان بە منداڵان دەوترێتەوە، .ئەمانە لەوساوە کەوتوونەتە پرتەوبۆڵەومنجەمنج.مامۆستا هەبووە، خۆی بەشێوەیتر ئەم سروودەی بەمنداڵان وتۆتەوە.کاکی شوانی گوایە دڵی بەزمانی کوردی دەسوتێ ودەیەوێ زمانی کوردی لە وشەی بێگانە پاک بکاتەوە.بۆیە بیانووی وشەی عەرەبی بۆ ئەو شیعرە دێنێتەوە.کاکە گیان تۆو ئەمسالەکانی وەکو تۆ، زمانی عەرەبی بەحوکمی ئەوەی زمانی قورئانە، لەهەموو زمانێک لاتان پیرۆزترەو بەسەرچاوەی هەموو عیلم ومەعریفەیەکی دەزانن.ئەگەر ئەوەندە دڵتان بۆ وشەی کوردی دەسوتێ، بۆ لەناو خێزانی ئێوە ماناندا، ناوی کوردی قڕی تێکەوتووە.

ناوی کوردی لای ئێوەمانان عەیبەیە، گەر وانییە بۆ خەڵکانیێکی زۆر پێشتر ناوەکانیان ناوێکی ناسکی کوردی بووە، دوای تێوەگلان و غەسلبوونی مێشکی لەلایەن ئێوەوە ،ئەو ناوە ناسکە جوانەی گۆڕیوە بۆ ناوێکی عەرەبی، لای من مرۆڤ ئازادە چ ناوێک هەڵدەگرێت، بەڵام حیکمەت چییە ناو نانی عەرەبی لای خێزانی ئیسلامی بۆتە دیارەدە؟کەسێکی سەر بە ئێوە کە ناوێکی کوردی دەگۆڕێ بۆ عەرەبی لە خۆڕا نییەو باکگراوندێکی ئیسلامی لە پشتە ،وای

لێدەکات ناوە کوردییەکەی خۆی لا ناشیرین و سوک بێت.ڕۆژنامەکانی خۆتان شاهێدی حاڵن3.ئەمە چۆنی پینەو پەڕۆ بکەی تەعریبێکی ترە، بەڵام موئەدەبانەو مەعقولانە.ئیتر تۆ شینی چی بۆ ئەی ڕەقیب دەکەیت گوایە وشەی عەرەبی تێدایە.لە جێیەتر شینو شەپۆڕ بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی دەکاو گوایە شیعری ئەو سرووده بە زاراوەی سۆرانی نوسراوە.ئەم کابرایە وەک ئەوەی لە گوێی گادا نووستبێت،ئەو سرووده دەمێکە بووەتە مارسلیزی کورد،مەگەر نابینی و نابیستی گەریلاکانی باکوری کوردستان چۆن بەردەوام ئەو سرووده دەڵێنەوە. جوڵانەوەکانی ڕۆژهەڵات وباشووری بچوکیش چۆن بە هێمای بەرخۆدانی دەزانن.کەسیشیان نەیان وتوە ئەم سرووده سۆرانییەو با لای بەرین.کاکی برا ئەم بڕوبیانووە نیفاق دروستکردنە نەک خەمخۆری.جا بۆناچی بەگەریلاکانی پ.ک.ک بڵێی ئەم سرووده سۆرانییەو چۆن دەبێ ئێوەی کرمانجی بیڵێنەوە،بەڕاستی زمانی کوردی خەمخۆری وەک تۆی هەبێ ،دوژمن حەدی چیە زەفەری پێ بەرێ.ئەو سرووده بۆ گەلێکی تینوو بۆ ئازادی، هێندە گیانی بەرخۆدانی تێدایە بۆیە هەر جوڵانەوەیەکی کوردی وەک سیمبول قوبوڵیان کردووەو دەکات،بێ ئەوەی گوێ بەوە بدات بەچی وچۆن نوسراوە.

ئەوەش گوایە کورد ڕزگاری بووەو بۆ ئەم قۆناغە سرودێکی تری پێویستە،بیانویەکی بێبنەمای ترە،نازانم کورد کوێی ڕزگاری بووە.ئەوەی هەیە ، باشوورەو ئەویش هیچ گرەنتیەکی نییە،تەنانەت بەڕێز تالەبانی بۆخۆی دەڵێ(مافەکانمان هێشتا دەڵەمەیە)گەرچی من دڵنیام لەو عێراقە سەیرو سەمەرەیەدا هەرگیز مافەکانی کورد نامەیێن.باشە ئەی بۆ پارچەکانی تر ئێوە چی دەڵێن، خۆ هێشتا ئەوان لە قۆناغی سەرەتادان.ئەم بڕوبیانوانەتان ئەو پەندە کوردیەی باسم کرد پڕبە پێست و باڵایەتی.ئەو سرووده سومبولی بەرخۆدان ومانەوەو چقڵی چاوی دوژمنان و ناحەزانی میللەتی کوردە.برادەرینە ئێمە پێویستمان بەوەیە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان لە ژێر چەتری کوردستانی کۆببینەوەو یەکتر قەبوولکەین وهەوڵدەین ماڵێک بۆ کورد چێبکەین.با خۆمان خەمی خۆمان بخۆین،دڵنیابن کەس خەمی ئێمە ناخوات!

میدیا،ژمارە 1229-

میدیا،ژمارە215،اسماعیل تەنیا،ناوگۆڕین.2-

موحسین شوانی،کوردستان نێت، 21-2-306-